ڕەها

گۆڤارێکی گشتی مانگانەیە

ژمارە (6) هەینی 1/6/2018

ڕەمەزان خولێك بۆ شكاندنی نەفس وبەرزبونەوەی ڕۆحەكان.

د. لوقمان بەحركەیی (لاپەرە 13)

٥ م.عبدالله هەرتەلی
ئایا دروستە لەبەر تاقیكردنەوە ڕۆژوەكەت بشكێنی

١٩ م.عبدالرحمن حمدامین
ئایا هیچ كەس دەتوانێ تەفسیری هەموو قورئان بكات

٧ زامدار قادری
(وەرع) لای عاریفان

خاوەنی ئیمتیاز :
- ئەیاد نادر
Ayadqadr10@gmail.com _ 07800932624

بەڕێوەبەری گشتی :
- ئاوارە کاوێس
malaawarakawes@gmail.com _ 07508447484

سەرنووسەر :
- زامدا ر قادری
Muhammadibrahim9232@gmail.com _ 07507399232

بەڕێوەبەری هونەری :
- ا رکا ن صدیق بەقال
Arkanbaqal1990@gmail.com _ 07503081803

دیزاین :
- بلال برزنجی
bilalbakr.1995@gmail.com _ 07507606006

ڕەها

* ڕەها گۆڤارێکی مانگانەی گشتی یە ، بە شێوازی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە .

* ڕەها بابەتی نوسەران بە چەند فلتەرێك دادەبات ، دواتر بڵاو دەکرێتەوە ، ئەگەر بابەت لە ژمارەیەك بڵاو نەکرێتەوە ڕەنگە هەڵبگیرێت بۆ ژمارەکانی داهاتوو .

* ڕەها بە هیچ شێوەیەك بەر پرس نیە لە هیچ یەك لە بۆچوونی نوسەران .

* دەستەی نوسەرانی ڕەها (د. ابراهیم هەرشەلی ، زامدار قادری ، د. بەدر قادر سورچی ، محمد مەلا سعدالدین ، ئاوارە کاوێس ، نیاز عەزیز)

بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیارێك دەتوانن بەم ئیمەیلەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە
Govari.raha@gmail.com

دەستەی نووسەران

بەرنامەی خواردن بۆ مانگی ڕەمەزان

بە دڵنیایەوە لە مانگی ڕەمەزاندا زۆرترین کێشەیەك کە ڕوو بدات بریتیە لە کێشەی هەرس و گەدە بۆیە بۆ هەموو ڕۆژووگرانی ئازیز پێویستە هەموومان ڕەچاوی تەندروستی مان بکەین لە کاتی ڕۆژو گرتن دا بە ئەنجامدانی ئەمانە :

١ - بە خورما یان ئاو یان ماستاو یان دۆ ڕۆژو بشکێنین

٢ - خواردنی شۆربایەکی گەرم یارمەتی دەرە بۆ کۆئەندامی هەرس چونکە ماوەیەکی زۆر خواردن ناخورێت معیدە خاڵی یە معیدە ئامادە دەکات بۆ خواردن

٣ - دواتر ماوەی 10-5 خولەك نانی سەرەکی بخورێت لە برنج یان مەعکەرۆنی یان پەتاتە یان ماسی و گۆشتی سور یان مریشك لەگەڵ بڕێکی باش لە سەوزە وە

٤ - خواردنی 3-2 لیتر ئاو شەوانە بۆ باڵانس کردنی ڕێژەی ئاوی لەش

٥ - نابێت بۆ پارشێو خۆاکی سورەو کراو چەور و بیبەرو بەهارات بەکاربێت

٦ - خواردنی کاهو خەیار لە پارشێو بڕێکی باش ئاوی تێدایە

٧ - بەکارنەهێنانی شەربەتی صناعی

٨ - نەخواردنی شیرینی بە ڕێژەیەکی زۆر نابێت هەفتانە 3 جار زیاتر شیرینی بخورێت وە گرنگی دان بە سەوزەو میوەی تازەو شەربەتی فرێش.

٩ - کەم بەکارهێنانی خوێ

١٠ - دوور بکەوە لە خواردنەوەی چا لە دوای نان خواردن چونکە توشی ئەستور بوونی سکت دەکات

١١ - بەلایەنی کەم لە بەربانگ و پارشێو ٣ ملاك ماست بخۆ چونکە دژە بەکتریای زیانبەخشی تیدایە

گۆڤاری ڕەها

ئایا دروستە لەبەڕ تاقی‌کردنەوە ڕۆژەکەت بشکێنی



الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد (صل الله عليه وسلم) وعلى آله وصحبه اجمعين .السلام عليكم ورحمة الله وبركاته... لەبەرئەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز نزیك بووەتەوە هەروەها کاتی تاقی کردنەوەش دەکەوێتە (ناومانگی ڕەمەزان) دەنگوباسێکی زۆریش هەیە دەربارەی ئەوەی کە ئایا قوتابییەکان بۆیان دروستە لەومانگەدا ڕۆژویان بشکێنن لەبەر تاقی کردنەوە یان لەبەر خوێندن .... ؟؟؟ بە پشتیوانی خوا ئەم بابەتە بەدرێژی ڕوون دەکەینەوە إن شاءالله : وەلەدوو ڕووەوە ڕوونی دەکەینەوە: یەکەمیان: دەربارەی تاقی کردنەوە دووەمیان: دەربارەی خوێندن لەسەرەتادا دێینە سەرباسی تاقی کردنەوە کە بە ڕۆژ ئەو تاقی کردنەوە دەکرێ کە قوتابی جاری واهەیە لەبەرتێنویەتی ناتوانێ وەلامی بداتەوە ئایە بۆی دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێ یان دروست نییە ؟؟؟!!! خۆی کتێبە شەرعییەکان باسی درویێنە چی و ئەوکرێکارانەیان کردووە کەئیشی خانو بەرەو ئەو شتانەئەکەن یان کاری کشتوکاڵ ئەکەن، لە کتێبە شەرعییەکاندا دەلێ: {وَيُبَاحُ تَرْكُهُ لِنَحوِ حَصَّادٍ أَوْ بِناءٍ لِنَفْسِهِ أَوْغَيْرِهِ } واتە دروستە ئینسان ڕۆژووەکەی بشکێنی لەبەر ئەوەی کەخەریکی درویێنەیە یان خەریکی بیناوئیش وکاری بیناسازیی و ئەو شتانەیە:ئینجالێرە(□یعاب)کەکتێبێکی دیکەی شەریعەتی ئیسلامە و دانراوی زانای گەورە ئیمام{ابن حجر الهيتمي} ە ، لەوکتێبەدا ئەفەرموێ: {وَظَاهِر أَنَّهُ يُلْحَقُ بِالْحَصَّادِيْنَ فِي ذالِكَ سائِرُ أَربابِ الصَّنائِعِ الْمُشِقَّة}: واتە شتەکە ئاشکرایە وەکودورویێنە چییان وایە هەرکەسێك کەئیشێکی زۆر نارەحەت و زەحمەتی هەبێ لەبەر ڕۆژووەکەی نەتوانێ بەتەواوەتی کارەکەی ئەنجام بداتن. کەوابو هیچ دەقێك نەلە قورئان و نەلە حەدیس نەهاتوە دەربارەی قوتابییەکان کە بۆیان دروستبێ ڕۆژووەکەیان بشکێنن تەنها قیاس کراوەتە سەر درویێنەچی و کرێکارەکان کەخەریکی بیناسازی و ئەو جۆرە کارانەن. لەبەرچی قیاس کراوەتە سەر ئەمانە ... !!!؟؟؟ لەبەرئەوەی: هەم درویێنەچی کارو باری دونیایە و ئینسان پێوستی پێیەتی بۆ مەعیشەتی خۆی و هەم ئیمتیحانیش کاروبارێکی دونیاییەو ئینسان پێویستی پێیەتی هەر لەبەرئەوەش ئەگەر شەهادەی نەبێ ئەودونیایەی کەئەو مەبەستیەتی لەوانەیە وەدەستی نەکەوێ هەروەها درویێنەچی و کرێکارەکانیش کارەکەیان هەر بۆ دونیایە بۆ ئەوەی مەعیشەتی خۆیان وەدەست بێنن ئەم کارانە ئەکەن . جا لێرە دا قاعیدەیەکمان هەیە کە دەفەرمووێ:(لحاجَةُ تُقَدَّرُبِقَدرِهَا). واتە: پێویستیش بەئەندازەی خۆی ئیشی پێدەکرێ.

کەوابو: پێویستە لێرەدا بزانین چەند پێویستیە و چەند پێویستی نییە؟ کەمێك پێش ئیستا وتەی ئیمام(ابن حجر الهیتمی)مان بۆ باسکردن کە لە لاپەڕە (430) بەرگی (3) ی تحفةالمحتاج دا هاتوەکە فەرمووێ: {وَيُباحُ تَرْكُهُ لِنَحوِ حَصَّادٍ أَوْ بِناءٍ لِنَفْسِهِ أَوْغَيْرِهِ } واتە دورستە ڕۆژوو بشکێندری بۆ ئەو کەسەی کەوا کاری دورویْنە دەکاتن یان هەرکارێکی دیکەی کشتوکال و زەراعەت و ئەونەوعەشتانەبێ کەدەیگرێتەوە یان ئەوکەسانەی کەئیشی بینادەکەن و بۆمەعیشەتی خۆیان پێویستییان پێی هەیە. ئینجا لەدووای ئیرە دوومەرجی دانایە کەدەفەرموی{إِن خَافَ عَلَى المالِ وَتَعَذَّرَالعَمَلُ لَيلاً}.واتە ئەگەر بترسێ ئەو مالەی کەئەو مەبەستییەتی لەدەستی بچێ ئەوەش ئاشکرایە ئەگەر قوتابی جەوابەکی باش نەداتەوە ئەو

بەشەویش دەکرێ بەلاّم إمتحان تەنها بەڕۆژدەکرێ و بەشەو ناکرێ . ئینجا لێرە هەندەك لەمامۆستایانی ئاینی بەهەلّە داچووینەو دەلّێن دروستە بۆ تاقیکردنەوە و سەعی ڕۆژو بشکێنی ئەم فتوایە هەلەیە

دەفەرموی {يَجِبُ عَلَى الْحَصَّادِينَ تَبْيِيتُ النِّيَّةِ فِي رَمَضانَ كُلَّ لَيْلَةٍ ثُمَّ مَنْ لَحِقَهُ مِنْهُم مَشَقَّةٌ شَدِيْدَةٌ أَفْطَرَ وَإِلاّ فَلا}.واتە واجبەلەسەر دورویْنەچی و ئەوانەشی کە مول حەق



کراون بەو وەکو قوتابی لە کاتی □متحان و کرێکارلەکاتی ئیشکردنیدا دەبێ بەشەو هەموو نییەت بێنن ئینجا ئەگەر باشیویش نانیان خوارد کێشەی نییە بەلاّم واجبە نییەتی ڕۆژووەکەیان بێنن لە هەموو شەوێك لەڕەمەزاندا ئینجا با بۆ تاقیکردنەوەیان بچن ئەگەر زانیان زۆر زۆر هیلاك دەبن و وەلاّمەکەیان پێ نادرێتەوە ئەزیەتەکی زۆردەبینن و ئەگەر ڕۆژووەکەیان نەشکێنن نمرەیەکی کەم دێنن (أَفطَرَ)بارۆژووەکەیان بشکێنن یەعنی با ئاو لەگەڵ خۆیان ببەنە هۆلی تاقیکردنەوە ئەگەر زانی تاقیکردنەوە پێ وەلاّم نادرێتەوە بارۆژووەکەی بشکێنێ . (وَلاّ فَلاَ)بەلاّم ئەگەردەی زانی تاقیکردنەوەکەی بەئاسانی پێ وەلاّم دەدرێتەوە دەرەجەیەکی باشیش دێنێ ئەوە بۆی دروست نییە ڕۆژووە کەی بشکێنێ . ئەمەش فەرمودەی [نیهایەی ئیمام ڕەملی] بو.کە (شێروانی) لێ نەقل کردووە لەلاپەڕا (430)بەرگی (3)یەم..

شەهادەیەی کە بەمالی دونیا دادەندرێ لەدەستی دەچی . دووەمیش دەفەرموێ { وَتَعَذَّرَالعَمَلُ لَيلاً} نەشگونجێ بەشەو ئەم کارە بکاتن بەلّێ ئمتحان بەشەو ناکرێ و بەڕۆژ دەکرێ.جا ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمووی ئەگەر بترسێ لەدەستی بچێو هەروەها نەشگونجێ بەشەو ئەو ئیشە بکرێ ئاشکرایە و سەریحە لەوەی کە ڕۆژو شکاندن بۆ کاتی تاقی کردنەوە . دروستە بەلاّم بۆ خوێندن و سەعی دروست نییە لەبەرئەوەی خوێندن و سەعی هەم بەڕۆژو هەم

تکالەقوتابیە بەڕێزەکان دەکەم بەهەلەی ئەواندا بەهەلە دانەچن وە بەقسەشیان نەکەن. تەنهابۆ کاتی تاقیکردنەوە دورستە ڕۆژووەکەیان بشکێنن بەلاّم بۆ خوێندن و سەعی کردن بەهیچ شێوەیەك دورستنیە ؟ چونکە سەعیکردن لەمالەوەش دەکرێ و لەشوینەکانی دیکەش دەکرێ و بەشەویش دەکرێ یەعنی سەعیکردن لە تاقیکردنەوە بەرفراوانترە . هەروەها شتێکی تریش پێویستە و زۆرگرنگە کەقوتابیەخۆشەویستەکان لێ ئاگەداربن ئەویش ئەوەیەکە {امَام ازرَعِی}

م.عبدالله هەرتەلی

لە باخە دڵڕفێنەکەی عیرفان هەناسەیەکمان هەڵکێشا و بە یاوەری عارڕفان چوینە لای گوڵە دڵشادەکە ئەویش " وەرع " ە



حەزرەتی نازدار (صل الله علیه وسلم) فەرموویەتی (لە باشێتی موسڵمان ئەوەیە وازبهێنێت لەوەی پەیوەندی بە ئەوەوە نیە) الترمزی ، ابن ماجه .
لە زمانی شیرینی خۆماندا وەرع ئەو مانایە دەگەیەنێت کە کەسێك خۆبپارێزێ لە شتانێکی نابەجێ و نەشیاو ، هەروەها هەستیاری بەرامبەر حەرام و قەدەغەکراوەکان و زۆرترین ئاگاداری لە کارەکان نەوەك بەرەو گوناهت ببات .
حەزرەتی ئەبوبەکر دەفەرمووێ (ئێمە لە حەفتا حەلال خۆمان دەپاراست لەترسی ئەوەی توشی گوناهێك ببین لە کۆتایەکەی) بۆیە کاتێ دەست دەگریت بە وەرع لە هەموو ئاکارێك و ڕەفتارێکت ئامانجێکت لە پێشەوە دەبێت کە ڕازی بوونی پەروەردگارە و نەڕەنجانی حەزرەتی حەقە .
فەریدەدینی عەتار دەیگوت : ترسان لە خودا لە وەرعەوە دروست دەبێت ، هەر کەسێکیش بێ وەرع بێت ڕیسوا دەبێت . هەر کەسێك بانگەشەی موحیبەتی ئیلاهی کرد و وەرعی نەبوو ، بزانە بانگەشەی موحیبەتەکەی تەنیا درۆیە .
عاریفان و مەزنان ئەوەندە وەرعیان کردوە لە ژیانیان کە ڕەنگە ئەمڕۆ تەنیا لە پاڵەوانە سینەماییەکان بچێت کاتێ سەیری فیلمێك دەکەیت ئەوەندە ئەکەویە ژێر کاریگەریەوە ، ئەوەتا حەزرەتی عەبدەلای جەلا دەڵێت : کەسێکم دەناسی لە شاری مەککە سی ساڵە تەنیا بە کەرستەی خۆی ئاوی دەرهێناوە لە بیری زەم زەم و بە هیچ دەفرێکی دیکە دەری نەهێناوە ، هەروەها هەرگیز جگە لە خواردنی مەککە خواردنی هیچ جیگایەکی نەخواردۆتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەك بە ئاوێکی حەرام ئاو درابێت .
هەمیشە عادەتی مرۆڤ وابووە کە ڕووکەشی شتەکانی وەرگرتووە و هەردەم بەوەش ڕازی بووە ، چونکە زۆربەی کات ئەوەی دەرەوە لە هەمووان ئاسانتر حاڵی بونی تێدابووە بۆیە ئەو جێگیر بووە ، کەچی عاریفان چونکە لە سەرووی مرۆڤی ئاسایین بەهۆی ئیمانەکەیانەوە و نزیکیانەوە لە پەروەردگار وەرعیشیان دابەش کردوە هەروەکو یەحیای کوڕی مەعاز دەڵێت : وەرعیش دوو جۆرە : وەرعی ئاشکرا ، ئەویش ئەوەیە کە تەنیا کار بۆ ڕازی کردنی پەروەردگار بکەیت وەرعی ناوەوە ، ئەویش ئەوەیە هیچ کەس و هیچ شتێك جگە لە حەزرەتی حەق نەچێتە دڵتەوە .. یونسی کوڕی عوبەید دەیگوت : خەڵکینە وەرع بریتیە لە دەرچوون لە هەموو شوبهەیەك بەرامبەر پەروەردگار و دادگای نەفس لە هەموو چاوتروکانێك نەکا یاری ئازیز لێی بتۆرێت .

زۆربەی کات مرۆڤ دەپرسێت ئەمرۆ هەزارەها شت هەن کە مرۆڤ ڕۆژانە توشیان دەبێت ، کە زۆربەیان ئاڵۆزن و نازانین حەرامە یان حەلال ، لە سوفیانی سەوریان پرسی : چۆن خۆمان لە حەرام بپاریزین تاکو وەرعمان هەبێت ؟ فەرمووی : هەر شتێك دڵت ختورەی کرد بەرامبەری وازی لێبهێنە . عەلی عەتار دەڵێت : لە بەسرە بە شەقامێکدا گوزەرم کرد بینیم پیرەکان دانیشت بوون و منداڵەکانیش لە پێش ئەوان یاریان دەکرد ، وتم بە منداڵەکان : ئێوە شەرم ناکەن لەو پیاوە بەتەمەنانە وا یاری دەکەن ؟ منداڵێك وتی : مامە ئەو پیرانە وەرعیان کەم بۆتەوە بۆیە هەیبەت و ڕێزیان کەم بوەتەوە لەلامان . بەڵێ ئێستا وەلامی ئەو پرسیارەت وەرگرت کە ڕەنگە لە دڵت دەمێکە بووبێتە مەراق کە بۆچی خەڵکی ئێستا شەرم لە بەتەمەنەکان ناکەن و لە سالانی زوو وانەبوو ! چونکە ئەوان لەبەر دونیا بیریان لای وەرع هەر نیە و بگرە نازانن وەرع هەر ماناشی چیە ، پەروەردگاریش بەو جۆرە سزای داونەتەوە . پرسیاریان کرد لە مالیکی کوڕی دینار بۆچی خورمای بەسرە ناخۆی ؟ وتی : چونکە نازانم بە چی ئاو دەدرێ و ئایا هەموو ئاوەکە حەلالە یان نا . تاکو وەفاتی کرد ٤٠ ساڵ تامی خورمای نەکرد . میسکی غەنیمەتیان برد بۆ لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ، لوتی خۆی گرت و وتی : ئەو میسکە دووربخەنەوە سودەکەی بریتیە لە بۆنەکەی ، نامەوێ بۆنەکەی بە بێ دابەشکردنی سەر موسڵمانان بۆمن بێت . عاریفان هەمیشە لە ژێر چاودێری پەروەردگار دان و بەهۆی وەرعەوە هەمیشە پەروەردگار پاراستوونی و هەر کاتێك هەڵەیەکیان کردبێت بە بچوکترین هەڵە سزای داون هەروەکو چۆن ئەبوبەکری دەقاقی سزا دا کاتێ پازدە ڕۆژ بوو بە سەحرا وێڵ بوو بێ ئاو

، کاتێ ڕێگای دۆزیەوە سەربازێك هات و هەندێك ئاوی پێدا بێ ئەوەی ئەبوبەکر بزانێت و هەواڵی ئاوەکە بپرسێت خواردیەوە ، دەڵێت : کاریگەری ئەو ئاوە سی ساڵ دڵی ڕەق کردم و ئازاری دام . بە دڵنیایەوە ئەمڕۆ پێویستی ڕۆژگارمان پەیوەستە بە هەبوونی وەرعەوە ، ئێمە پەیمانی ڕێگای عاریفانمان دا و زانیمان ئەوان بە هەبوونی وەرع بوون بەو مەردانەی کە هەمیشە ناویان لەسەر زارانە و لەسەرووی هەمووشی موحیبان و دۆستان و عاشقانی پەروەردگارن ، با ئیدی وەرع بکەین بە چرایەکی ڕۆشن تاریکایی ڕۆحی سەختمان روناك بکەینەوە و خوانی ڕۆ چێژی ئیمان لەسەر سفرەی دڵەکان دابنێین و خواردنی سەرەکی کە وەرعە دابنێین . ئەوا ئەو دەرگایەش بە پشتیوانی پەروەردگار ماڵ ئاوایی لێ کردین و لە مانگی پڕ خێری ڕەمەزان دوعای هەبوونی وەرع لە پەروەردگار بۆ خۆم و بۆ ئێوە دەکەم . امین امین

سەرچاوەکان

ریسالة القشیریة
عوارف المعارف
حلیة الاولیاء
تذکرة الاولیاء

زامدار قادری

خوێندنەوەیەك بۆ (پەیامی ڕەمەزان) لە پەیامەكانی نووردا

(پەیامی ڕەمەزان) یەكێكە لە پەیامە گرنگەكانی نێو سەرجەم پەیامەكانی نوور ، ولە بەشی دووەم لە مەكتوبی بیست و نۆ لە كتێبی مەكتوبات جێگیر كراوە ، و پێك هاتوە لە نۆ نوكتە وخاڵ ، وگرنگیەكەشی خۆی لە چەند لایەنێك دەنوێنێت كە بە خوێندنەوەیەكی كورت بریتیە لە :

یەكەم : ئەم پەیامە گرنگیی دەدات بە یەكێك لە پەرستشە بەهادارەكان ، كە ساڵانە دوبارە دەبێتەوە و كۆمەڵێكی زۆر لە موسوڵمانان پابەندن پێوەی و نزیكی لە ڕێیەوە بەدەست دەهێنن لە پەروەردگار ، كە ئەویش پەرستشی ڕۆژووە.

دووەم : بە شێوەیەكی سەرنج ڕاكێش و وورد مامۆستا لەو پەرستشە دەدوێت ، وە وەك نەریتی پەیامەكان لەم نامەو پەیامەشدا مامۆستا هاوئاهەنگی عەقڵ و ڕۆح ی تیادا دەرخستووە ، ئەمە جگە لەوەی كەچەندین هەستی تری ناسكی ناوەكی مرۆڤ چێژ لە خوێندنەوەی ئەم پەیامە دەبینێت .

سێهەم : زۆر بە پەلە و خێرایی مامۆستا داینناوە ، كەتەنها لە ماوەی چل خولەكدا بووە ، و لەكاتێكدا بوە كە خودی مامۆستاو ئەو قوتابیەی ئەركی نوسینەوەی گرتۆتە ئەستۆ ناساغ و زۆر هیلاك و ماندوو بوون . كەواتە هەست بە تەوفیقی خودایی دەكرێت هەر لە ساتی لەدایك بونی ئەم پەیامەوە تا ئێستەی كە ئێمەی تێداین و لە چێژ بەخشیدا ئەم پەیامە سەخی وبەردەوامە .

چوارەم : مامۆستا لە نێو حیكمەتە زۆر و پڕ بەهاكانی ڕۆژوو ، هەڵوەستەی كردوە بەرامبەر تەنها پێنج حیكمەت و یەكە یەكە ئەو پێنج حیكمەتەی بە نموونەو وورده كاریەوە ڕوون كردۆتەوە ، كە بریتیە لە : حیكمەتی بەدەرخستنی پەروەردگاری و باڵادەستی خودای گەورە لە ڕوانگەی ڕۆژوو ، وئەو حیكمەتەی ڕوو دەكاتە لایەنی ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ ، و حیكمەتانێك كە ڕوو دەكاتە لایەنی كەسیی و شەخصی مرۆڤەكان ، وئەو حیكمەتانەی ڕوو دەكەنە لایەنی پاڵفتە كردن و پاك كردنەوەی نەفس و ناوەوەی مرۆڤ ، وبە جێهێنانی سوپاسگوزاری بەرامبەر نیعمەت و بەخششە زۆرەكانی خودای گەورە .

پێنجەم : مامۆستا لەم پەیامەدا مرۆڤ ڕادەوەشێنێت كە بیرو هزری بخاتە گەڕ و هەست بەو هەموو نازو نیعمەتە بكات كە دەوری داوە و ئەو سفرە ڕاخراوەی بەردەمی نا دیدە نەكات و سوپاسگوزار بێت بەرامبەر هەموو نیعمەتە رام كراوەكانی بەردەستی ، كە ڕۆژوو زۆر گرنگە بۆ هەست پێكردنی ئەو نیعمەتانە و مرۆڤ دەخاتە كەشی بیر كردنەوە لەو نیعمەتانە . كە خودی ئەم بیرهاتنەش شوكرو سوپاسگوزاری مەعنەویە بۆ خاوەنی نیعمەتەكان كە خودای گەورەیە . كەواتە سوپاسگوزاری دوو بەشە : بە دەم و زوبان وئاشكرا ، وە بە نهێنی ولە ناخەوە . گەر ئەم هەستە لامان ببزوێت وئەو نیعمەتانە خاوەنیان بدۆزینەوە ، كەواتە سوپاسگوزاری نا ئاشكرامان بەجێهێناوە .

شەشەم : یەكێك لەسەرچاوەكانی چاو لێبوون و بەدەمەوە هاتن لە نێو ژیانی كۆمەڵایەتی نێو مرۆڤەكان ، و دەروازە بۆ ئەو هەستكردنە ، بریتیە لە برسیەتی كە مرۆڤەكان ولێ دەكات چاویان لە دەورو بەر بێت و ژیان و خۆشگوزەرانیان تەنها بۆ خۆیان نەوێت ، كەواتە برسیەتی و ڕۆژوو لەم بوارەشدا كارگەلێكی گرنگ بەجێ دەهێنێت و دەلاقەیەكی گرنگە بۆ چاو لێبوونی یەكتر و بەدیهێنانی ئاشتی كۆمەڵایەتی و ئاسودەیی گشتی .

حەوتەم : هەموو نەفسێك حەزێكی زۆری لەوەیە كە هیچ یاسایەك پابەندی نەكات و بە ویستی خۆی و چۆنی بوێت هەروا ژیانی بگوزەرێنێت ، بە واتایەكی تر حەزی هیچ لە پابەند بوون نیە ، بۆیە رۆژوو نەفس فێری پابەند بوون دەكات و پێی دەسەلمێنێت كە خاوەنی هەیە و بەرەڵا نیە و ناگونجێ هەر خۆی مەبەست بێت و هیچ نەگرێتە ئەستۆ لە روی عەقڵ و مەنتیق و عورف ونەریتیشەوە ئەمیان تەواوە و ئەو شێوازە لە بیر كردنەوە لادان و سەرگەردانی لە دوایە .

هەشتەم : رۆژوو مەدرەسە قوتابخانەیەكی مەزنە مرۆڤ لەو ماوە كەمەدا فێری ئەوە دەكات كە لە گۆشت و خوێنە و پۆڵا نیە ، چونكە لەشساغی ونیعمەتە زۆرەكانی كە دەوری داوە زۆر جار ئەوەی لە یاد دەباتەوە كە لاوازە و پێویستی بە توانای دەرەكی هەیە .

نۆیەم : مانگی رەمەزان لە هەموو جیهاندا زۆرترین قورئان خوێندنی تێدا ئەنجام دەدرێت بەبەراورد بە مانگەكانی تر ، تەنانەت زۆر موسوڵمان هەیە لە دەورو بەرمان ـ گەر خۆشمان لەوانە نەبین ـ لە رەمەزاناندا قورئان دەخوێننەوە و هەوڵ دەدەن هەمووی بە خوێندنەوە تەواو بكەن ، كەواتە لەم روەوە ئەم هەموو قورئان خوێندنە دەمانخاتەوە كەشی دابەزینی قورئان ە سەردەمی پێغەمبەری نازدار "دروودی خودای لێبێت " ، و سەر گۆی زەویمان وەك مزگەوت و پەرستگایەكی مەزن بۆ دێنێتە بەر چاو .

دەهەم : مامۆستا لە زۆر جێگە مرۆڤ رادەكێشێت بەرەو بیركردنەوە و پەیوەست بوون بە ناوە پیرۆزەكانی خودای گەورە ، لە رۆژووشدا ئەوە بە یاد دێنێتەوە كە رۆژوو تەجەلیاتی ناوی پیرۆزی (الصمد) ی خودای گەورە تێدایە ، كە بەواتای پێویست نەبوون دێت . چونكە مرۆڤ بە رۆژوو هەرچەند بۆ كاتێكی دیاریكراویش بێت دەریدەخات كە پێویستی بە خواردن وخواردنەوە نیە ، وەك مەلەك ئاسا دەكەوێتە كەش و بارودۆخێكی جیاواز ، خۆی وەك مەلائیكە دێتە پێش چاو كە ناخۆن وناخۆنەوە و بەم جۆرە هەست بە تەجەلیاتی ناوی پیرۆزی (الصمد) دەكات .

یازدەهەم : ئەو كەسەی خۆی ئامادەكردبێت بۆ كەسابەت و تیجارەت ، وە دەرفەتێكی باشی بۆ بسازێت ، لە بازاڕی باش ، و دوكانی باش ، وخزمەتگوزاری باش ، وسەرمایەی باش ، كڕیاری باش ، هۆكارە باشەكان ، ئایا چی پێ دەوترێت گەر واز لەو تیجارەتە قازانج بەخشە بهێنێت لەو كاتەدا ؟ دە بزانە ئەی مرۆڤ مانگی رەمەزان ئەو كاتەیە. ئەركی مرۆڤ تیجارەتە بۆ پاشە رۆژ ، وكاتی تەواوو پڕ لە قازانجی ئەو تیجارەتەش بریتیە لە رەمەزان ، لەبەر ئەوەی كردەوەو قازانج تیایدا چەند بارەیە وەك لە فەرمودەدا چەسپاوە . كەواتە بەراستی بێ عەقڵیە ئەو هەموو لەباریە بگونجێ بۆ قازانج و كەسابەتی باش ، كەچی مرۆڤ خۆی لە گێلی بدات و دەست بە رووی ئەوەرفەتەوە بنێت . هەركاتەو بۆ شتێك باشە رەمەزانیش بۆ ئەو تیجارەتوو قازانجە زیادەیە فرسەتە .

دوازدەیەم : پێش رەمەزان گەورەی لاشە بریتی بوو لە (گەدە) ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامەكانی تر جوندیی خزمەتگوزاری ئەو بوون و كە برسی و خاڵی بوایە هەموو لاشەی دەخستە كار بۆ خزمەتی خۆی . بەڵام مرۆڤ لە رەمەزاندا كە گوێ نادات بە هاواری گەدەو برسیەتی قبوڵ دەكات بە ناچاری ، دەبینێت تەنها لاشەی بریتی نیە لە گەدەو خزمەتی گەدە ، هەست دەكات دەروازەو كاری تر هەیە لەناخیدا ، و كلیلی هەست پێكردن و خستنە گەڕی ئەو دەروازانەش بریتیە لە برسیەتی و پشتگوێ خستنی لاڵەو هاواری گەدە ، دڵ و رۆح و عەقڵ و سیڕ و چەندین لایەنی تری ناسكی ناو ناخی مرۆڤ هەیە گەدە نایەڵێت پێش رەمەزان وەك پێویست لەزەت وەرگرن و هەستیان پێ بكرێت ، بەڵام كە رەمەزان هات ئەوانە زیاتر دەكەونە گەڕ و هەستیان پێ دەكرێت و بەدەر دەكەوێت كە گەدە و تێر بوون یەكێكە لە چێژەكان و هەموو چێژەكان نیە و دەروازەی چێژی تر هەیە ، هەر بۆیە لەگەڵ برسیەتی و تونیەتی و ئازارەكانی رۆژووەوان هەست بە چێژی تر دەكات كە لە ناخیدا هەیە . تەنانەت لە كاتی بەربانگ كردنەوەدا زیاتر ئەوە هەست پێدەكات ، و خۆشیەكی هەیە كە هی ئەو ئاوو خواردنە نیە بە تەنها كە بەرامبەریەتی .

ئەمەی وترا خوێندنەوەیەك بوو بۆ ئەو پەیامە بە نرخەی نێو پەیامەكانی نوور ، بەڵام بێگومان بە لەوەی كە خوێندنەوەی تریش هەڵدەگرێت و هەر سەرەوعەقڵێكی تێدایە ، بۆیە باشترین رێگەی زیاتر قاڵ بوون لەگەڵ چەمك و گرنگی ئەم پەیامەو بابەتەكەی، بریتیە لەوەی بە خۆت هەستیت بیخوێنیتەوە، وگەر بتوانیت زیاتر لە جارێك، ئەو كاتە خۆت لەسەرچاوەكەوە ئاو دەنۆشیت و تێرئاو دەبیت.



پ.ی.د. ئومێد نجم الدین موفتی

دەرمانخانەی سروشتی ماڵ (دۆمبەڵان) (الكمأة) (Truffle)

دۆمبەلان یەکێکە لهو خوارادنە گرانبەهاکانی دونیا کە نرخی هەر 1 کیلۆیەك لە 30 تا 1000 $ دۆلارە ... زۆر لەمێژە و لە دێرزەمانەوە وەك دەرمان بەکارهاتووە لەسەردەمی حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خوای لەسەر بێت) تاکو ئەمڕۆ ، حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت (الكمأة من المن وماؤها شفاء للعين) واتە : دۆمبەڵان لە مەنە (گەزۆ) وە ئاوەکەی شیفایە بۆ چاو . من ئیستا 95% توێژینەوەکەم لەسەر دۆمبەڵانی دەشتی هەولێر تەواو بووە لە داهاتوو ان شاء الله دەبێت بە سەرچاوەی زانستی .. ئەوپێکهاتانەی لە دۆمبەڵان دایە: (پرۆتین 7 تا 27 %) (کاربۆهیدرات 18 تا 28 %) (چەوری 1تا 7 %) (ئەسکۆربیك ئەسید 2 تا 5%) (ئەمینۆ ئەسید) (فۆسفۆر و پۆتاسیۆم) بە پێ توێژینەوەکەم چەندین دژە سەرەتانی تێدایە .... سوودەکانی ...

1. بەهێز کردنی چاو و چارەسەری کردنی (بە ئاوی دۆمبەڵان دەکرێت)
2. نەهێشتنی ساردی جنسی نێوان ژن و مێرد ئەویش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هۆرمۆنە جنسیەکان .
3. پاراستنی جگەر لە رزین و پاکردنەوەی لە زۆربەی مادە ژەهراویەکان
4. نینۆك بەهێز دەکات
5. وەك باشترین دژە بەکتریا و کەروو کاردەکات کە خۆم ئەنجامم داوە لە ئەنجامی توێژینەوەکەم .

چۆن بخورێت ...

بە کولاوی لەگەل ئاو یان لەگەل شیر بکولێت باشترین سوودی هەیە .. بە هیچ جۆرێك نە ببرژێت یان سووربکریتەوە چونکە گرنگی خۆی لە دەست دەدات ... تیبینی .... ئەوانەی گرفتی گەدە و ریخۆلەیان هەیە بانەیخۆن تاچاك دەبنەوە..

زۆر ئاگادار بن نابێت ئاوی سارد لەگەلیدا بخوریتەوە بە هیچ شێوەیەك ..لە داهاتوو باسی دەکەم هۆکارەکان ...

د. بدر قادر سورچی

چپاندنێك بەگوێی ئافرەتاندا

ڕەوشتت پەیامێکە تۆ دەیدەی بەگوێی دەوروو بەرت دا کەچۆن چۆنی مامەڵەت لەگەڵ بکەن ، جوانی ئافرەت چوار بەشە سیانی لەڕەوشتی دایە و یەکیان لەڕوکاریدایە بۆ زیاتر شیکردنەوەیان بۆتان ڕوون دەکەمەوە کە گرنگی هەر کامەیان و چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەو ئاکارە بەرزانە کە ئافرەتان بەرەو لوتکەی بەرزی دەبات .

بۆجوانی ڕوکارت کارێکی سەختنیە تەنیا پێویستت بەکردنی دوو شت دەبێت :-

سەرەتا ڕێك پۆشبە : - ڕێك پۆشی بەپۆشینی جلی تازە و گران بەها نیە ، ئەوەندە بەسە خاوێن بێ و لەگەڵ شێوەت گونجابێ بتوانی ڕەنگە کان پێکەوە بگونجێنی ، لەهەمووی گرنگ تر هەوڵمەدە مۆدێرن بی ئەو شێوازە هەڵ بژێرە لەگەڵ کەسایەتی و کارەکەت و پێگەت گونجاوبێ لەکۆمەڵگەدا ، هەموان شێوەت دەبینن بەڵام تەنیا ئەوانە دەزانن تۆ کێیت کەدەت ناسن ، کەواتە لەگەیاندنی پەیامی یەکەمت بەوردەبە ، کەشێوازی دەرکەوتنتە لەناو کۆمەڵ .

دووەم جوانی ڕوخسارت : بۆ ئەوەی جوان دەر کەوی پێویست ناکا هەرچی جۆرە ئارایشێك هەیە بەکاری بێنی ، گرنگی بەپاك و خاوێنی پێستت بدە لەگەڵ بەکار هێنانی کەمترین ئارایش تا ڕوخسارت ماندوو نەبێ بەهۆی ئارایشەوە بشێ وێ ، بە دڵنیایەوە مرۆڤ بە سادەیی خۆیەوە زۆر جوانتر دەردەکەوێت بەڵام بۆ کاتێك کە گونجاو بێت و پێویست بکا ئەو کات ئارایشت بکات ، نەوەك بۆ شاردنەوەی روخساری و فێڵ کردن لە دەوروبەر و بەرامبەرەکەی چونکە ئەوکات توشی داروخانی کەسایەتی دەبێت و بە درۆ کردن ڕادێت .

ئیمان کاکە وەیس

ڕەمەزان خولێك بۆ شكاندنی نەفس وبەرزبونەوەی ڕۆحەكان.



خوای گەورە هیچ كارێك بەبێ حكیمەت وبەبێ هۆكار ناكات، هەر كارێك بكات لە سود و قازانجی مرۆڤەكانە، بەڵام زۆر جار ئێمە نازانین و پەی پێ نابەین، جا بۆیە نابێت گومان لە خودای موتعال بكەین، بەلكو دەبێت عەقلی خۆمان ڕاست بكەینەوە كە كارەكانی خودا بێ حكمەت نیە و ئیمە زانست و زانیاریمان محدود و كەمە زۆرێك لەشتەكان نازانین كە زۆریش ئاسانن چ جای كارێك بێ پویەوەندی بە خالقی ئەرز و ئاسمانەوەیە هەبێت.
یەكێك لەو نعمەتانەی خودای گەورە لەگەڵ مرۆڤەكانی كردوە دانانی عیبادەت و پەرستشە و فەرزی كردوە لەسەریان، چونكە بەم عیبادەتانە مرۆڤەكان لە خولقێنەری كائینات نزیك دەبەنەوە وڕۆح و گیانیان شاد دەبێت لە دونیا وقیامەت سعید وخۆشبەخت و خۆشحال دەبن.
یەكێك لەو فەرز و واجبانەی سەر مرۆڤی موسڵمان بەرۆژوو بونی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە، واجبێكی حەتمی و عەیینیە واتا هەر كەسێكی موسلمانی باڵغی عاقل دەبێت بەرۆژوو بێت مەگەر عوزرێكی شەرعی هەبێت، كەواتا دیارە خێرو بێریكی زۆر زۆری پێوەیە بۆیە خوای گەورە فەرزی كردوە لەسەر هەموو موسڵمانێك.
بێجگە لو ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئوممەتەكانی تریش ڕۆژوو واجب بووە، ڕۆژوو بریتەیە لە عیبادەتێك تەنها خۆت دەزانی بە ڕۆژوی یان نا، كەواتا ئیخلاسێكی تایبەتی لە ڕۆژوو هەیە لە هیچ عیبادەتێكی تر نیە، هەر بۆیە خودای موتعال خۆی جەزا و پاداشتی ڕۆژوەوانان دەداتەوە ئەویش تەنها بەهشتە ولە بەهشتیش بەخزمەت حەزرەت گەیشتنە صلی الله علیه وسلم كە خۆشترین ساتەكانی بەهەشتە لەدوای دیتنی رب العالمین.
لێرەدا دەمەوێت بلێم كە ڕۆژوو نعمەتێكی زاتی پەروەریگارە بۆ بەندەكانی بە دیاری ناردوە، كەواتا تۆی موسڵمان كە بەرۆژی دەبی بزانە ئەوە دیاری خوات قبول كردوە هەر خۆی دەزانی ئەجر و پاداشتت چەندە گەورەیە، ئەوەش بزانە كە خوای گەورە خۆی هیدایەتی تۆی داوە كە ئەم دیارییە جوانە لە خوا قبول بكەی، پیرۆزتان بیت چەندە گەورەیە ئەم دیارە نایاب و جوان و ناوازەیە.



کەواتا رمەزان با ببێتە خولێکی بەهیز وکاریگەر بۆ ئەوەی نەفسی بەدکارمانی پێ بشکێنین و ئاقل و ژیری بکەین، پێی بلێین ئەی نەفسی سەرکەش وتەمبەڵمان واز لەوە بێنە بمان خەیتە دۆزەخ و دورمان بخەیتەوە لە زاتی رب العالمین، با نەفسەکانمان بشکێنین وبیخەینەی ژێر پێی خۆمان تاکو کاری باشەی پێ بکەین و خۆمان دور بگرین لە کاری خراپە وناڕێك و ناشرین، چونکە نەفسی بەدکار زۆر ڕقی لەبرسیەتیە وبەئاسانی تسلیمی برسیەتی دەبێت وبەکەیفی خۆمان رێکی دەخەین لەو مانگە پیرۆزە ولێی رادێنین لەسەر چاکە و باشە بۆ دوای رەمەزان. بێجگە لە پەروەردەکردی نفس و شکاندنی دەبێت رەمەزان بکەینە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی رۆحمانی پێ گەورە بکەین و نزیك ببینەوە لە "زاتی حەق تعالی" چونکە زۆر بەئاسانی رۆحەکان بەرز دەبنەوە بۆ لای رب العالمین وخۆیان تسلیمی ئەمری خودا دەکەن وبەرو چاکە وباشە دەمانبەن. ئایا ئەو شتانە چین کە دەبێتە هۆکارێك بۆ نەفس شکاندن و بەرزبونەوەی رۆحەکان؟ ئەم هۆکارانە لەو چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

1. دڵمان پاك بکەینەوە لە هەرچی ڕق و کینە بەرانبەر موسڵمانان.
2. خۆمان بەگەورە نەزانین بەڵکو خۆمان بە زۆر زۆر بچوك بزانین بەرانبەر هەموو موسڵمانێك.
3. تەوازوع و خۆ بەکەم زانین بکەینە پیشەی ڕۆژانەمان.
4. بەرانبەر هەموو کەسێك نەرم ونیانی بنوێنین لەبەر خاتری خودا.
5. هەوڵ بدەین دڵ و رۆح و هەموو ئەعزای جەستەمان بە ڕۆژوو بکەین.
6. ڕۆژانە قورئان بخوێنین تاکو دەتوانین، بیر لەمانا وبەهاکانی قورئان بکەینەوە.
7. لە جەماعات وسوننەتی راتیبەکان وزیکری دوای نوێژەکان خۆمان بێ بەش نەکەین وزۆر ڕشت بین لەسەریان.
8. تەراویحەکان بەجوانی بکەین وشەو نوێژ بکەین ونوێژی کێشتەنگاو بکەین.
9. زۆر زەرورە خۆمان لە هەموو گوناحێك بەدور بگرین بازۆر بچوکیش بێت.
10. ئەگەر گوناحمان ئەنجام دا زوو پەشیمان ببینەوە واستغفر الله زۆر بکەین.
11. تاکو دەتوانین زیکرو یادی خوا لەبیر نەکەین وزمانمان بەردەوام تەڕ بێت بەیادی خودای موتعال.
12. بەقەدەر توانای خۆمان دەستی یارمەتی درێژ بکەین بۆ فقیر وهەژار ونەداران.
13. زۆر دوعای خێر لۆ خۆمان و ماڵ ومناڵ وجیران وخزم وکەس و هەموو سڵمانان بکەین، بەتایبەتی ئەو موسڵمانە لێ قەومانەی کە زوڵم و ستەمیان لێ دەکرێت.

د.لوقمان بەحرکەیی

شەرحی حاڵ

نیگاری نازەنینی من لە دەردم بێخەبەر تا کەی
بە حاڵم پێکەنینت دێ سووتانم وەک فەنەر تا کەی

لە نێو باخی عەشقدا کێ وەکوو من بۆت هەواخواهە
لە تامی سێو و بۆنی بەی لە جوانییت من بەدەر تا کەی

لە سەیری پەرچەم و چاوی غەزاڵت تابەکەی مەحرووم
لە شیرینیی لەبی ئاڵ و جەماڵی وەک قەمەر تا کەی

نەبوو جارێ بە کامی دڵ بنۆشم شەربەتی وەصڵت
لەگەڵ ئەندووهی فیراقت حەیاتی پڕکەسەر تا کەی

لە دووریی تۆ وەکوو یەعقووب دەکەم شین و فوغان دائیم
لەدەستچوونی حەیاتی من بەبێ نووری بەصەر تا کەی

بەیان و شەرحی حاڵی خۆم ئەگەر لای هەرکەسێ بیکەم
بەبێ شک پێم ئەڵێ شێتی ئەوینی بێ سەمەر تا کەی

نیساری قامەتی تۆم کرد، دڵ و ڕۆحم دەبێ بۆچیی
لە نازت بێبەشم کەی وەک هەتیوی بێپەدەر تا کەی

کە من بەخشیم هەموو عومرم بە جیلوەی صوورەتی حوسنت
دەسا قوربان بەبێ تاوان لە من مەنعی نەزەر تا کەی

غولامی تۆیە (پێنجوێنیی) دەکا نەقدی دڵ و جانی
نەوازش فەرموو نیگارا بڵێ شین و چەمەر تا کەی

شیعری نەبەز پێنجوێنیی
کێشی شیعر
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
بەحری (هەزەجی هەشتیی سالم)

مردن لە دیدی مەولانای ڕۆمی



ئایینەکان ڕوانینی جیاوازیان بۆ هەر دیاردەیەك هەیە. ئیسلام وەك یەکێك لەو ئایینانە قوڵتر و بابەتییانەتر لە شتەکانی ڕوانیووە. یەکێ لەو بابەتانەی کە پڕ ئاریشە و دیبەیتە بریتییە لە مردن. وەکو ئاماژەمان پێدا، گۆشەنیگای ئیسلام وردتر و ژیرانەترە بۆ مردن. لە ئیسلامدا مردن خاڵی کۆتایی مرۆڤ نییە بەڵکو یەکێکە لە وێستگەکانی ژیانی مرۆڤ. ئەوەتانێ پێغەمبەر گیان مردن و خەو بە یەکدی دەچوێنێ. موسڵمانی پابەند نەك هەر لە مردن ناترسن بەڵکو شادمان و دڵخۆشن. لە کتێبە مێژووییەکان نمونەی بیلالی حەبەشیمان هەیە، ئەو هاوەڵە لە گریان و نوسکە نوسکی خێزانەکی دڵی پڕ بووە، عاشقێکی تێنوو بووە بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەر. بەڵێ یەکێکی تر لە نمونەکان وەفاتی مەولانای ڕۆمییە. ڕۆمی لە مەسنەوییەکەیدا پاژ و بەیتێکی زۆری لەبارەی مردنەوە نوسیووە. فەلسەفە و حیکمەتی جوان و بەبایەخی تۆمارکردووە. ئاخر مەولانا وێڵی گەڕانەوە بووە بۆ نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی، بەهەشتی خودایی. کاتی مردنی، خێزانەکەی بۆی گریاوە ، مەولانا پێی وتووە بۆ دەگری؟ مەگەر مردن گریانی دەوێ؟ ئەمشەو شەوی زەماوەندە بەلای منەوە. لە مەسنەویدا، مەولانا دەفەرمووێ لە مردن مەترسن، پێتان وانەبێ کە دەخرێنە ناو گۆڕ کۆتاییتانە. بڕوانن! خۆ ناکرێ یوسف کە خرایە بیر دڵتەنگ بوو بێ چونکە پادشایی لە ڕێگای بوو. کام سەتڵ کە خراوەتە بیر بە بەتاڵی هەڵکێشراوە؟ بەمجۆرە ، مەولانا عاشقانە لە مردن دواوە. بەلای مەولاناوە مردن ئاهەنگی ویسالە. چ ویسالێك ؟ گەیشتن بە خۆشەویستی ئەبەدی ، چ ئاهەنگێك؟ بە کراسی سپی و تا کاتێکی نەبڕاوە. هەر خۆی فەرموویەتی:

عاشقان را هر زمانی مردنی است
مردن عشاق، خود یك نوع است
.....
آزمودم مرگ من در زندگی است
چون رهم زین زندگی پایندگی است

واته: عاشق له هەر ساتێکدا جارێك دەمرێت. مردنی عاشقان هەر جۆرێك نییە. چەندان تەرز و تەوری هەیە. بەتاقیمکردۆتەوە، مردنی من لە ژیانم دا بوو، پاش ئەو ژیانە ئیدی جاویدانی و نەمری ڕووم تێدەکا.

لەپێشتریش وتمان مەولانا، مەولانا مردنی بە یەکێك لە بازنەکانی خولی ژیانی مرۆڤ داوەتە قەلەم، ئەو پێی وایە بۆ گەیشتن بە خوا دەبێ ئیلا بمری و ئاوێتەی خاك ببیەوە، ئەوەتانێ فەرموویەتی:

مردم از حیوانی و ، آدم شدم
پس چ ترسم؟ کی ز مردن کم شدم
حمله دیگر بمیرم از بشر
تا بر آرم از ملائك پر و سر
وز ملك بهم بایدم جستن و جو
کل شئ هالك الا وجهه

واته: لە ژیانی گیانداری دەرباز بووم و بوومە ئادەمزاد. ئێ بۆ لە مردنێ بترسێم؟ خۆ بە مردنێ کەم ناکەم. دیسان حاڵی بنیادەمی بەجێدەهێڵم، تاوەکو هەنگاوێکی تر بنێم و ببمە فریشتە. لە دوای بوونە فریشتە ئیدی هەر خۆم و خودا دەمێنین و بێجگە لە خوداش هەموو شتێ دەفەوتێ و دەپوکێتەوە.

کەواتە لە نیگای مەولانا مردن لەناوچوونی هەمیشەیی نییە بەڵکو ون بوونی جەستەیە لەبەرچاوی زاهیربینان. ڕۆژی مردن پێویستە هەمووان کامەران بن چونکە لەو ڕۆژە ئەو مرۆڤە ڕۆحی ڕەها دەبێ و لە قەفەسی تەکلیف و زەحمەتیەکانی دونیا ڕزگار دەبێ.

نیاز عەزیز (مەستی)

پیتی ڕ

خوێنەرانی خۆشەویست، لەم گۆشەیەوە سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ کێشە پەیوەستدارەکان بە زمانی کوردی، بە پشتبەستن بە ڕێنووسی ئەکادیمیای کوردی و ڕای مامۆستایانی بەشی کوردی لە زانکۆکانی باشوور و مامۆستا و پسپۆڕانی زمانەوانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هیوادارم ببێتە هەنگاوێك بۆ ڕەوینەوەی ئەو فرەڕایی و بۆچوونە کەسییە جیاوازانەی لە بوارەکەدا هەن.
یەکێ لەو کێشانەی ڕێنووسی کوردیدا ڕای جیاوازی لەسەرە، بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرینیدا کاری لەسەر کراوە، پیتی (ڕ)ی سەرەتای وشەیە. بۆ ئەم پیتە، لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەکمان نییە بە پیتی (ر) دەست پێ بکات، لەبەرامبەردا وشە گەلێك هەن کە بە پیتی (ڕ) دەست پێ دەکەن، ئەم دوو پیتە، بە شێوە فۆنەتیکی سووك و قورسی پیتێك دادەنرێن. هەر بۆیە هەندیك ڕا هەن کە پێیان وایە کە ئەو وشانەی کە پیتی (ڕ) لە سەرەتایانەوە دێن، پێویست بە نووسینی ئەو دەنگە قورسە ناکات و هەر بە (ر)ی سووك ڕێنووس بکرێت، هەر بەو هۆکارەی وتمان وشەمان نییە بە (ر)ی سووك دەست پێ بکات، ئیدی بۆ خۆی ڕۆڵی ئەو (ڕ)ە قورسە دەگێڕێت و لە فۆنەتیکیشدا هەر بە (ڕ)ی قورس بدرکێنرێت.
بەڵام ئەم ڕایە بە هیچ جۆریك دروست نییە و پێویستە پیتی (ڕ) ڕۆڵی خۆی پێ بدرێت لە سەرەتای وشەدا ، هەروەك ناوەڕاست و کۆتایی وشە، بەو هۆکارەی پیتێکە، وێنە و دەنگی خۆی هەیە و هاوکاتیش لەبەر ئەو ڕەوایەتییەی پێی دراوە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، بۆ دەبێت لە سەرەتای وشەدا بەکارهێنانی ڕەت بکرێتەوە!

نموونە:
ڕەش--ڕەش
ڕێگا---ڕێگا
ڕۆژ---ڕۆژ
ڕاستی---ڕاستی
ڕەچەڵەك---ڕەچەڵەك

باخان محمد

غ	ع	ش	س	ژ	ز	ڕ	ر	د	خ	ح	چ	ج	ت	پ	ب	ا	
x̌	'	ṣ	s	j	z	rr	r	d	x	ĥ	ç	c	t	p	b	a	Hawar
xh	'	sh	s	jh	z	rr	r	d	x	h'	c	j	t	p	b	a	Unified
[ɣ]	[ʔ]	[ʃ]	[s]	[ʒ]	[z]	[ɾ]	[r]	[d]	[x]	[ħ]	[ʧ]	[ʤ]	[t]	[p]	[b]	[a]	

ێ	ێ	ی	ۆ	وو	و	ه	هـ	ن	م	ڵ	ل	گ	ک	ق	ڤ	ف	
ê	y,î	o	û	w,u	e	h	n	m	ll	l	g	k	q	v	f	Hawar
é	y,í	o	ú	w,u	e	h	n	m	ll	l	g	k	q	v	f	Unified
[e]	[j/i:]	[o]	[u:]	[w/u]	[ɛ]	[h]	[n]	[m]	[ɫ]	[l]	[g]	[k]	[q]	[v]	[f]		

ئایا هیچ کەس دەتوانێ تەفسیری هەموو قورئان بکات؟

ئێمە یە لێرەدا ئاماژە بە پێبکەین وەدەستخستی وەڵامی ئەو پرسیارەیە ئایا ئەمڕۆ کەسێك دەتوانێ تەفسیری هەمووی قورئان بکات؟ ئایا کەسێك کە شارەزایی لەو زانستانە نیە دەتوانێ تەفسیری هەموو قورئان بکات؟ بێگومان ئەگەر بچینەوە سەر وتەی زانایان دەربارەی مەرجەکانی ڕاڤەکار زۆر خاڵیان باس کردووە، کە زۆربەیان خۆی دەبینێتەوە لە شارەزابوون لە زوبانی عەرەبی و فیقە و ئصول و هەواڵی گەلانی پێشوو، لێ باسی ئەوەیان نەکردووە، کە دەبێ ڕاڤەکاری قورئان شارەزایی هەموو ئەو زانستانەی هەبێت کە قورئان باسی کردووە، کە ئەوەش ئەستەمە کەسێك بتوانێ لە تەواوی ئەو زانستانە شارەزابێت کە لە قورئان ئاماژەی بۆ کراوە، لێ لەوانەیە بڵێن چار چیە، کاتێ کەس ناتوانێ زاڵ بێت بەسەر تەواوی ئەو زانستانەی ئەمڕۆ، یانی نابێ کەس خۆی لە قەرەی تەفسیر بدات، ئەوەی لە وەتەی چاومان هەڵێناوە، گوێمان لەوە دەبێت گوایە قورئانی پیرۆز کتێبێکی ئیلاهیە، کۆتا پەیامەی خودایە بۆ گرۆهی ئادەمی، گەورەترین پەرجووی پێغەمبەرمانە(درودی خوای لێبێ)، هەموو ئەو زانستانەی ئیمڕۆ دەردەستەو مرۆ سوودی لێ دەبینێ، هەمووی لە قورئانی پیرۆز باسی لێوەکراوە و بنچینەیەکی زانستی هەیە. زۆرێکیش لە ڕاڤەکاران لە تەفسیری ئایەتی ((وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْءَانِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ)) فەرموویانە قورئان هەموو زانستێکی تێدایە( )، ئاماژە بەوە دەکەن کە قورئان نموونەی هەموو زانستێکی لەخۆ گرتووە، تەنانەت باسی زۆرێك لە بواری تری زانستی کردووە، کە تا ئیستا مرۆڤ پەی پێنەبردووە، ئەگەر گریمان زانایانی تەفسیر لەم بۆچوونەیاندا پێکاویانە، چوون قورئان باسی بابەتگەلێکی کردووە، کە ئەمڕۆ خودانی زانستی پزیشکی، وەکو زانستی پزیشکی بە تەواوی سێکتەرەکانی، زەویناسی، ڕووەکناسی، کشتوکاڵ، بیرکاری، گەردوننناسی، کۆمەڵێك زانستی تر، ئەمانە لەئەمڕۆ و لە پێشووشدا زانست بوون و خەڵکی تایبەت کاری خۆی کردووە، ئەوەی کە پێشوو و لە ئێستاشدا ڕاڤەکارانی قورئاندا کردوویانە و دەیکەن، تەنێ ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتانەن کە تایبەتن بە بابەتە فیقهی و ئصوڵیەکان و بەسەرهاتی گەلانی پێشوو، کەم دەبینین لە تەفسیرەکاندا ئاماژە بۆ ئەو لایەنانە بکرێت، ئەوەی جێی قسەو باسی



من بۆی دەچم ئەوەیە کە دەبێ ئەو ئایەتە بکەینە سەرەتای کارەکەمان، (فسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون)، بە داخەوە وا تەفسیر کراوە کە مەبەست لە ئەهلی ژکر مامۆستایان ئایینین، لێ ئەهلی زیکر تەنێ مامۆستایانی ئایینی نین، بەڵکو ئەهلی هەر ئیختصاصێکە، ئەوەی ئەمڕۆدا باشترینە بۆ ڕاڤەکردنی قورئان، ڕاڤەی دەستە جەمعیە، بەواتا لە بڕی کەسێك، چەند کەسێك هەڵدەستن بەو کارە، تەواوی ئایەتەکان بەسەر ئیختصاصەکان دابەش دەکرێت، ئەو ئایەتانەی دەربارەی پزیشکین بە هەموو لقەکانیەوە جیادەرکرێنەوە، بۆ نموونە: ((أَفَلا يَنْظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ) ئەوە دەبێت سوود لە پزیشکی بەیتەری وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسانَ مِنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ * ثُمَّ جَعَلْناهُ نُطْفَةً فِي قَرارٍ مَكِينٍ * ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظاماً فَكَسَوْنَا الْعِظامَ لَحْماً ثُمَّ أَنْشَأْناهُ خَلْقاً آخَرَ فَتَبارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخالِقِينَ))دەبی دکتۆرێك لە ڕووی زانستیەوە باسی لێوە بکات، ئەوەی تایبەتە بە زەویناسی بە نموونەی: ((وَإِلَى الْجِبالِ كَيْفَ نُصِبَتْ))"((وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ))، دەبێت زەویناسێك قسەی لێبکات، بۆ تەواوی زانستەکانی تریشە بەم شێوەیە، هەر بوارێك لەو بوارانە کۆمەڵێکی شارەزا لەو بوارە قسەی لێدەکەن، زانایانی شارەزا لە زوبانی عەرەبی و فیقە و ئصول سەرپەرشتیان دەکەن، کە لێرەدا باسی تەواوی پرۆسەکە ناکەین، کورتەی باس ئەوەیە کە کەسێك ناتوانێ تەواوی قورئان تەفسیر بکات، بەڵکو لەو سەردەمەدا دەبێت بە دەستە جەمعی تەفسیری هەموو قورئان بکرێت.

الطبري، جامع البيان:17/279 .
إبن عطية ، المحرر الوجيز: 3/419.
البيضاوي، أنوار التنزيل:3/ 285.
النسفي، مدارك التنزيل: 2/ 38. إبن الحزي، التسهيل لعوم التنزيل: 1/ 454

م . عبدالرحمن حمدامين

مەرجەکانی بڵاو بوونەوەی بابەت لەم گۆڤارە:

1- بابەتکە نوێ بێ و لە شوێنی دیکە بڵاونەبووبێتەوە.

2- بابەتەکان لە 2000 وشە تێنەپەڕن، گۆڤار بۆی هەیە بابەتی درێژ کورت بکاتەوە.

3- ئەو نووسەرەی کە یەکەم جارە بابەت دەنێرێ، باشترە چەند دێڕێك لە ژیاننامەی خۆی بنێرێ.

4- هەموو بابەتەکان دەکەونە بەر دیدی دەستەی نووسەران و ئەگەر لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی گۆڤار نەگونجان، بۆی هەیە رەتی بکاتەوە، یان داوا لە نووسەر بکا کە دەستکاری بکا.

5- گۆڤار ئەگەر بابەتێکێکی قەبووڵ کرد بۆ بڵاوکردنەوە، ئاگاداری نووسەرەکەی دەکاتەوە، بەڵام لەکاتێکدا بڵاونەبوویەوە، پەیوەست نین بە ئاشکرا کردنی هۆکاری بڵاونەبوونەوەی.

6- بابەتە بڵاوکراوەکان دەبنە موڵکی گۆڤار و هەر کاتێك بیەوێ بڵاوی دەکاتەوە، لە هەر توێژینەوە و پەڕتووکێکیش پێی گونجاو بێ، بە زمانی خۆی یان وەرگێڕدراو بۆ هەر زمانێکی دیکە بڵاوی دەکاتەوە.

تکایە بابەتەکان تەنها بۆ ئەم ئیمەیلەی خوارەوە بنێرن:

Govari.raha@gmail.com